ئەستێل ئینسایت
ASTELL INSIGHT

گفتوگۆی فیگارۆ لەگەڵ کۆمەڵناس و بیرمەند
پییەر ئەندرێ تاگییەف

# دیکۆڵۆنیاڵیزم، خەڵەفانی چەپی ڕۆشنبیرە لەسەردەمی ئێمەدا

وەرگێڕانی ئەستێڵ ئینسایت



# دیکۆڵۆنیاڵیزم خەڵەفانی چەپی ڕۆشنبیرە لەسەردەمی ئێمەدا

## پییەر ئەندرێ تاگییەف

LE FIGARO **ڕۆژنامەی فیگارۆ**

نۆڤامبری 2020

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

پرسی کۆمەڵایەتی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

پییەر ئـەنـدرێ تـاگییەف، فیلسووف و بیرمەنـدی بـواری سیاسـەت، مێژوونـووسی ئـایدیاکـان و بەڕێوەبەری سەنتەری نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی فەڕانسایە. ئەو لەتازەترین بڵاوکراوەیدا، بەناوی "**چەواشەی دیکۆڵۆنیاڵ**"[1]، سەرکۆنەی تەشەنەسەندنی دیکۆلۆنیاڵیزم لەناو چەپەکاندا دەکات.

**فیگارۆ:** لـە دووایین کتێبتانـدا بـەنـاوی چـەواشـەی دیکۆلۆنیاڵ، دەڵێن: «مـەتـرسی پۆسـت-کۆڵۆنیاڵیزم ئـەوەیە کـە هـەمـوو ئـاراسـتەکـانی چـەپ بـەرەو ڕوانـگەی **شـونـاسـتـەوەر**[2] پـەلکێش دەکات.» ئەم ڕوانگە شوناستەوەرە کە ئێوەی نیگەران کردووە چییە؟

**تـاگییەف:** زۆر بـە کـورتی، پۆسـت-کۆڵۆنیاڵیزم ڤێرژنێکی نـەرمی دیکۆڵۆنیاڵیزمـە، کـە نـەک بـەهۆی پتەویی بناغەی تیۆریک بەڵکوو لەبەر "ڕادیکاڵیتە" و ئایدیالۆژی یان سیاسیبوونەکەی[3]، سەرنجی زۆرکەسی ڕاکێشاوە. ئایدیالۆگە دژە-کۆڵۆنیاڵەکان، بانگەشەی **دابڕانێکی** تەواو و هەمەلایەنە لە ڕابردووی شوومی فەڕانسا؛ و لە ئاستی گەورەتردا ئەورووپا و خۆرئاوا دەکەن و مێژووەکەی لە نەژادپەرستی، بـازرگـانیی کۆیلەداری و کۆڵۆنیاڵیزم و ئێمپێریاڵیزمـدا کـورت دەکـەنـەوە. بـەم جۆرە ئـەوان خۆیان لـە بـەرەی ئـەو چـالاکـوانـە "**دژە-مێژوو**"انـەدا[4] دەبیننەوە کـە بـە مێژووی جیهانی (مۆنـدیال) یان (گلۆبـاڵ) نـاسـراوە و داوای لێکترازانی (deconstruction) **ئـەفسانـەی نـەتـەوەیی فـەڕانسی** دەکـەن. ئـەوان یونیڤێرسـاڵیزم بـە جـوودۆکـریستیانیزم، ڕۆشـنـگەری بـە یورۆسێنتریزم پێناسە دەکەن و بە تاسەوە هەوڵی لێکترازانی دەدەن؛ هاوکات لە هەوڵدان بۆ "بە پارێزگاکردنی ئەورووپا"[5] و کەلتوورەکەی. ئەوان لاییسیتەش تاوانبار دەکەن بەوەی کە لێبوردە نییە و ڕێگری لە فرەیی و پیرۆزییە جیاوازەکان دەکات.

بایەخی پۆسـت-کۆڵۆنیاڵیزم لای چـەپ و چـەپی تونـدڕەو، لەسـەر بنـەمـای بۆشـایی وەسـتاوە، کـە هۆکـارەکـانی ئـاسـان دەنـاسـرێنەوە. لێکدوورکـەوتـنەوەی چـەپ و تـەواوبـوونی مۆدێلی سۆسیاڵ

دێمۆکراتی، بێ باوەڕی بەردەوام بەرامبەر مارکسیزم و یۆتۆپیای کۆمۆنیستی؛ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئێمە دیسان دژە-سەرمایەداری و دژە-ئێمپێریاڵیزممان وەک میراتێگ وەرگرتەوە. ئەمە بریتییە لە نیو-فێمێنیزمێک وا ئێستا لە کۆڕوکۆبوونەوەی ڕۆشنبیران بەبازاڕی بووە و پێی دەڵێن **ڕادیکاڵ**، و هاوکات دەرکەوتنی دژە-ڕەیسیزمێکی چەواشەکار و دەمامکدار، کە لەگەڵ خۆیشیدا نەژادپەرستییەکی دژە-سپی[6] هێناوە و هاوکات جوودۆفۆبییەکەشی بە ڕوخساری دژە-زایۆنیزم دەشارێتەوە.

ئەمرۆکەش هەست بە شەرمەزاری و گوناه بەرامبەر بە ئیسلام، "دینی هەژاران" و "بندەستان"ـی موسڵمانان هاتۆتە سەر، بەو مانایەی کە دژایەتی ئیسلامۆفۆبیا، دەبێ بە یەکەم فەرمانی ڕێزگرتن لە "دینی ئـەویتر"[7] بـزانـرێت (فلیپ ئیربیارن). دەبێ هـەروەهـا ئـامـاژە بـە کـاریگەری چـەپی شـونـاسـتەوەر[8] بـە فۆڕمی ئـەمـریکی بـکەین، کـە مـژار و بـابـەتـەکـانی زۆر بـە چڕوپڕی لـە تۆڕە کۆمـەڵایەتییەکـانـدا بڵاو دەبێتەوە. ئـەم ڕوانـگەیە هـەمـوو چـەرمـەسـەرییەکـانی جیهان بـە پەیوەندییەکی نایەکسان لە نێوان "**سەردەست**" و "**بندەست**" و بە زاراوەی **نەژادخواز** و **قوربانی** ڕوون دەکاتەوە: "**سپییەکان**" سەردەست و "**ناسپییەکان**" بندەستن. نەژاد و ڕەیس دیسانەوە دەکەونە بـەربـاس: ئـەگـەرچی وەك لێکسازراوێکی (construct) کۆمـەڵایەتیش پێناسـە دەکـرێت، بەڵام ڕەنگی پێست وەک بنچینەی دەستنیشانکردن دەمێنێتەوە.

بۆ نـموونـە ئێمە زۆر بـە تـاسـەوە بـانـگەشـەی "ئـاگـایی ڕەش"، "شـونـاسی ڕەش"، "غـرووری ڕەش" دەکەین، بەڵام سەرکۆنەی ئەوانە دەکەین کە باسی سەردەستی سپییەکان و "شوناسی سپی"، "ویژدانی سپی" و "غرووری سپی" دەکەن (کە بێگومان دەبێ سەرکۆنەی بکەین). بەمجۆرە ئێمە خۆمـان لـە دنیایەکـدا دەبینینەوە کـە بـەنـاوی دژە-ڕەیسیزمێکی گـومـانـاوییەوە، کـە دژە سـپییە، دابـەش دەبێتە سـەر دوو بـەرەی **سپی** و **ڕەش** یان **ناسپییەکان**. بـەو مـانـایەی کە شێوەیەك لـە

ڕەگەزپەرستی ئەرێیی و ڕەوا (correct) دێتە ئاراوە و پێچەوانەبوونەوەیەکی گەورەی بەها و نۆرمەکان لەبەرچاوماندا خەریکە ڕوودەدات.

**فیگارۆ:** ئایا چەپ هیچ سەرچاوەیەکی رۆشنبیری و فیکری هەیە بۆ خۆڕاگری لەبەردەم ئەم ڕەوتە؟

**تاگییەف:** چەپی ڕۆشنبیر یەک بۆچوونی بۆ ئەم ململانێ ناوخۆییە فیکرییە نییە. بۆ سادەکردنەوەی وێنەکە من سێ ئاراستەی ئایدیالۆژیکم جیا کردۆتەوە؛ پێش هەموو شتێک لایەنگرانی لاییسیتەی پەڕگیر، لە نەریتی کۆمارییدا، لە ڕوانگەیەکی یونیڤێرساڵەوە بەرگری لە یەکسانی دەکەن، کە بەشێکن لە کەمپی چەپ: **چەپی پێداگر**، کە لە سەر پرنسیپەکانی خۆیان پێداگرن و کۆتا نایەن. دووەم لایەنگر و چالاکوانانی لاییسیتەی کراوە، کە کەڵکەڵەی فرەکەلتووریان هەیە، و بەشێکن لە چەپی نەرم (ناوەڕاست) کە ئەمڕۆ گۆڕاوە بۆ دینی ئەویتر. دوواجار جۆرێکی تر هەن کە دژی لاییسیتەن، کە دەربڕینی "ڕەیسیزمی دەوڵەتی"[9] وەك ماشینێك بۆ دژایەتی ئیسلامۆفۆبیا بەکار دەهێنن. دروشمی "دەست بۆ حیجابەکەم مەبە"[10]، ئەم پێگە دژە-ڕەیسیستییە درۆیینە ئاشکرا دەکات کە داوای لێبوردەیی و ڕێز لە جیاوازییەکان لەبەردەم بنەڕەتی لاییسیتەدا کورت دەکاتەوە. ئەمە، جۆرە چەپێکی شێتانەیە و ئێستا گەیشتۆتە پۆست-کۆڵۆنیاڵیزم، دیکۆڵۆنیاڵیزم و پاڵنەر و بزوێنەری بڵاو بوونەوەی ڕقە لە خۆرئاوا. ئەم چەپی چەپە بە قووڵی دژ بە خۆرئاوایە، لە یەک کاتدا هەم هێسپرۆفۆبە[11] هەم گالۆفۆبە[12]، چونکە فەڕانسا لە وڵاتێکی ڕەیسیست و ئیسلامۆفۆب کورت دەکاتەوە. ئەم چەپە لە دۆخی هیستریکی خۆیدا خۆراکی خۆی لە زانکۆکانی ئەمریکا وەردەگرێت کە لەوێدا ئەزموونی ڕادیکاڵیتەیەکی گرووپی و کاڵتی دەکەن. دەیانەوێ هەموو شتێک لێکترازانسازی و دێکۆڵۆنیاڵیزە بکەن. ڕێگەیەکی ئێجگار مەترسیداریان گرتۆتەبەر کە بریتییە لە "سیاسەتی شوناس [identity politics]"[13]. چەپی نەرم، واتە خۆش خەیاڵەکان[14] (هەلپەرست، ترساو، لاواز و کەم زانیاری) کە تاکە ئاسۆیان

کرانەوەیە، بەرهەمهێنەری "گەمژەی بەسوود" و "هەندێجار بێسوودن" بۆ کەمپی چەپێکی شێتانە، تا ئەم سەمایە بەڕێ بخەن. **دیکۆلۆنیاڵیزم، خەڵەفانی چەپی ڕۆشنبیرییە.**

**فیگارۆ:** ئێوە پێداگری لەسەر ڕەهەندی لەکۆڵخۆخستنەوە و نابەرپرسیارکردنی تاک لە تیۆرییەکانی "سیستمەکە (le systeme)" دەکەن. پێتوانوایە هۆکاری بنەڕەتی سەرکەوتنی ئەو ڕوانگەیە ئەمەیە؟

**تاگییەف:** کە باسی "هەڵاواردنی سیستماتیک" دەکەین بە ڕوواڵەت وا دیارە کە بە شێوەیەکی بابەتی و بێلایەن هۆکاری هەڵاواردن بەرامبەر تاکەکانی ناو ئەو کەمینانە ڕوون دەکەینەوە کە ئەم کارەیان بەرامبەر کراوە. ئەمەش وا دەکات ئەو تاکانە لە توانایی خۆیان دوور کەونەوە: ئەوان دەتوانن "سیستمەکە" تۆمەتبار بکەن کە تاکە بەرپرسی ئەم دۆخە نالەبارە ئەوە، دەشتوانرێت "نەژادپەرستی دەوڵەتیی" ناڕوون و "هەڵاواردنی سیستماتیک"، ئەم لەکۆڵخۆخستنەوەیە بۆ قوربانییەکان بکات. بێگومان ئەمە نکۆڵی نییە لە هەڵاواردنی ڕاستەقینە لە دامەزراندن و کەرتی نیشتەجێبوون، بەڵام بێگومان هۆکارەکەی لە ڕەگوڕیشەی ئیتنۆ-ڕەیسیستیدا کورت نابێتەوە. سەرکۆنەکردنی "نەژادپەرستی سیستماتیک" بەشێکە لە ڕێتۆریکی دیکۆلۆنیاڵ و چەپی ئیسلامی.[15] بەم دواییانە تێرمی "ڕەیسیزمی دامەزراوەیی"[16] هاتۆتە سەر، کە لە لایەن دوو شۆڕشگێڕی ئەفریقی-ئەمریکی، دوو پارتیزان، بەناوەکانی ستۆکی کارمیشایل و ئاکادێمیستێک بەناوی چارلس. فی. هامیڵتۆن لە کتێبی "هێزی ڕەش: سیاسەتی ڕزگاری لە ئەمریکا"[17] باس کراوە و لە ساڵی 1967دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم چەمکە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی "سیستماتیک" (ئەمڕۆ دەڵێین سیستماتیک) یان بنەمای ڕەیسیزمی دژە-ڕەش لە کۆمەڵگای ئەمریکای باکووردا، بە گریمانەی ئەوەی لە ناو نۆرمە کەلتوورییەکان، دامەزراوەکان و پراکتیکی کۆمەڵایەتییدا "هەڵکۆڵراوە." کەوابوو کەسی ڕەیسیست دەیتوانی بێ مەبەست و بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە دەستبەکار بێت. گریمانەی ئەم مۆدێلە ڕەخنەییە بۆ ڕەیسیزم ئەوەیە کە تەنیا نەژادپەرستی سپی

بوونی هەیە و لەگەڵ دەسەڵاتی سپی و کۆمەڵگای سپی ئاوێتەیە و تەنیا شۆڕشی ڕەش دەتوانێ بیڕوخێنێت! بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ئەمجۆرە لە ڕووبەڕووبونەوەی نەژادپەرستی کە لە ئەمریکا و لە کۆتاییەکانی 1960دا درووستکرا، شوێنکاتی خۆی هەیە و ناتوانین بەچاوی بەستراوەوە بۆ شیکردنەوەی ڕەیسیزم لە کۆمەڵگای هاوچەرخی فەڕانسیدا بەکاری بهێنین. بەڵام بە دیاریکراوی سادەبوونی ئەم بیرکردنەوەیە سەرنجی چەپە ڕادیکاڵەکانی ڕاکێشاوە؛ "ڕەیسیزمی نادیار" هەموو شتێک ڕوون دەکاتەوە و ڕێکخستنی دژە-ڕەیسیزمیش بۆنوبەرامەیەکی شۆڕشگێڕانەی هەیە. ئێمە بەردەوام دووبارەی دەکەینەوە کە فەڕانسا کۆمەڵگایەکی بەناوەڕۆک نەژادپەرستە، ئێمە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی جیهانی بەسەرچووین (جیهانی پیر)، جیهانێک کە حوکمی ئەوەمان بەسەردا داوە کە چاک ناکرێت. چەمکی "ڕەیسیزمی سیستماتیک" زۆر بە باشی ئەو باسە ڕوون دەکاتەوە کە ریمۆن بۆدۆن بە "سۆسیۆلۆژیزم"[18]، ناوی دەبرد؛ کە پێی وایە تاک بوکەڵەیەکە بەدەست ستراکچێر (پێکهاتە) و دامەزراوەکانەوە و ئەوە وامان لێدەکات تەنیا یەک پرسیار بکەین: "(سیستمەکە) لە بەرژەوەندی کێدایە؟" وەڵامەکەش هەمیشە ئامادە و بەردەستە. "زرە دژە-ڕەیسیزم"[19] وەڵامێکی پلانگێڕی پێیە: سوودمەندەکان، ئەندامانی نەژادی سەردەستن (سپییەکان) و بەرژەوەندی ڕەیسیزمی سیستماتیکیش دەچێتە گیرفانی خۆیان، ئەمەش پاساوە بۆ "هەژموونی سپی" و "سەردەستی سپییەکان".

**فیگارۆ:** ئێوە ئاماژە بە وتەیەکی سەرۆکی حزبی ئێندێجێنیسی کۆمار، **هۆریا بوتێلجا** دەکەن کە دەڵێت: «(من)ـی دێکارتی بناغەی فەلسەفەی سپێتی دادەڕێژێت.» بێ ئەوەی بمانەوێ تێرمەکان دووبارە بکەینەوە ئایا یۆنیڤێرساڵیزمی ڕۆشنگەری شتێکی تایبەت نییە بە جیهانی خۆرئاوا، مەبەستم ئەوەیە جۆرێک هۆشیاری جیهانگەرایی مەسیحییە؟

**تاگییەف:** پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بزانین ئەمە ئاماژەیەکی گەمژانە و خۆبەزلزانانەی چالاکوانێکی چەپی ئیسلامی فەڕانسییە کە سەرچاوەکەشی سەرلێشواوییەکی زۆر قووڵە کە نیو

سەدە لە فەلسەفەدا پێی دەوترێ "لێکترازانسازی"[20] (هەموو شتێك دەبێ لێکبترازێت) یان "لێکسازانخوازیی [کانستراکتیڤیسم]"[21] لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان (هەموو شتێك لێکسازراو و دروستکراوەیەکی کۆمەڵایەتییە).

لە ناوەند و کۆڕوکۆبوونەوە دیکۆلۆنیاڵەکان لە فەڕانسادا، بابەتی "سپێتی" بابەتی ئەم چەندساڵەی دواییە و کێشەیەکی چارەنەکراو بەرهەم دەهێنێت؛ ئەگەر دژە-ڕەیسیستێکی باش بین و زاتخوازی[22]، وەك گریمانەی پێشوەختی ڕەیسیزم ڕەت بکەینەوە، چۆن دەتوانین بیر لە سپێتی بەبێ زاتخوازی بکەینەوە. سپێتی؟ وەڵامدانەوە بەمە بە فڕێدانی تێرمێکی سیحراوی وەك "کانستراکشێنی کۆمەڵایەتی" جگە لە ورتەورت هیچی تر نییە. زرە دژە-ڕەیسیزم بە فۆڕمی ئەمریکی، ژێنەکانی مرۆڤ دەکاتە شتێکی شەیتانی، بەڵام پیرۆزی دەبەخشێتە ڕەنگی پێست. نەژاد، کە لە دەرگای دژە-ڕەیسیزمی زانایانی ژنێتێک فڕێدراوەتە دەرەوە، ئەمجارە لە پەنجەرەی ئەم جۆرە دژە-ڕەیسیزمەوە دیسان دێتە ژوورەوە! ئایدیالۆگەکانی دێکۆڵۆنیاڵ کە "سپێتی"یان کردووە بە پەڵەیەکی ڕەش، هەوڵ دەدەن جیهانیبوون وەک چەکی کۆمەڵگای سپی بۆ سووکایەتی یان لەکەڵکخستنی ناسپییەکان پێناسە بکەن؛ کەرەستەیەک بۆ پێداگری لەسەر دۆگمایەکی بنەڕەتی کە بریتییە لەوەی کە **خۆرئاوا لە زات و ناوەڕۆکی خۆیدا ڕەیسیستە**. بەڵام نابێ ئەوە لە بیر بکرێت کە ئەوە رۆشنبیرە خۆرئاواییەکان بوون کە تێرمی "سپێتی"یان خستە نێو بازاڕی ئایدیاکانەوە. ئەمڕۆ خۆنفرەتییەکی سزاخواز، بەشێکە لە خەسارناسی ناوەندە ڕوناکبیرییەکانی خۆرئاوا. نەبینینی هیچ شتێك لە جیهانخوازیی جگە لە سیاسەتی ئامرازی و گەندەڵی ئایدیالۆژیک، **یان لە گەمژەییەوە دێت یان لە نیەتخراپییەوە.**

**فیگارۆ:** «دەتوانین زۆر بە ئاسانی سەرچاوەیەکی کۆمۆنیستی لەم زبڵە گوتارییەدا بدۆزینەوە»،[23] چی وادەکات بیر لەوە بکەنەوە ئێمە لەبەردەم مارکسیزمێکی نەژادیداین[24]، لەسەردەمێکدا کە مارکسیستە توندڕەوەکان کەمتر بەرچاو دەکەون؟

**تاگییەف:** هەندێ ڕیزپەڕ هەن، بەتایبەت ڕۆشنبیرانی مارکسیست-لێنینیست کە ژمارەیان لە حەفتاکانەوە تا نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو زۆر بوو. دووای دەسلەملانێ لەگەڵ جیهانی سێیەم و ئاڵتەرمۆندیالیزم (دژە-موندیالیزم)، ئێستا چیتر ڕاشکاوانە هاتوونەتە پاڵ ڕەوتی سەبئاڵتەرنیزم [Subaltern] و دیکۆلۆنیاڵیزم. دیکۆلۆنیاڵیزم خۆی وەک شیکارێکی هایپەررەخنەیی لەسەر مێژوو و وەک بەرنامەی **کردەی شۆڕشگێڕانەی سەرنجڕاکێش** پێناسە دەکات. ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی کۆڕوکۆبوونەوەی لایەنگرانی ترۆتسکی، لەم لایەنەوە سەرنجڕاکێشە: هەندێک لە ڕۆشنبیرەکانیان بابەتە سەرەکییەکانی دیکۆلۆنیاڵیزم (ڕەیسیزمی سیستماتیک، ڕەیسیزمی دەوڵەتی، ئیسلامۆفۆبیای دەوڵەتی)یان بۆ ڕوانگەیەکی تر بەناوی نەژادگەرایی کۆمەڵگا و هەندێك چەمکی دیکە وەك شوناسی نەژادی یان هۆشیاری نەژادی گۆڕیوە. ئەوان پێیان باشە خەباتی چینایەتی لە پێناو خەباتی نەژادی و جێندێری و هەندێ تێرمی زڕە زانستی وەك ئینتێرسێکشناڵ (تێکهەڵکێش)[25] لەبیر بکەن.

دووای ئەوەی پرۆلێتاریای پێشوو بوونە لایەنگری ئەو پارتانەی پێیان دەڵێن پۆپۆلیست، ئەوە مارکسیستەکانی بەرەو درووستکردنی پرۆلێتاریایەکی نوێ لە کۆچبەر و کەلتووری موسڵمانان هاندا. دوواتر پابەندی بێ چەندوچۆنی ئەوان بۆ مەسەلەی فەڵەستین هاتە ئاراوە کە وەك پرسێکی جیهانی چەسپاندیان؛ پاشان پەیوەندیدار بەم بابەتەوە، لێکدانەوەیان بۆ ئیسلامی سیاسی کە وەك هێزێك لەناوەڕۆکدا شۆڕشگێڕ دەیانناسی، وایکرد لەگەڵی یەکبگرن. هەروەها گرنگیدانیان بە **پرسی نەژاد** (نەژاد لێکسازراوێکی کۆمەڵایەتییە) و **خەبات دژی ڕەیسیزم**، هەموو ئەمانە وایکرد خەباتی چینایەتی پشتگوێ بخەن. دوواجار ئەوە مەیلی ئەوانە بۆ ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا کە بە چەند ناوێکی نەرێیی وەک (سەرمایەداری، ئێمپێریاڵیزم، کۆڵۆنیاڵیزم، نەژادپەرستی، سێکسیزم، هێترۆباوکسالاری) دەیناسێنن؛ هەر بۆیەش مەحکومە بە لەناوچوون. دوواتر خەیاڵی یۆتۆپیایی خۆیان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بێگرفتی (پۆست

سەرمایەداری، پۆست ڕەیسیزم، پۆست-سێکسیزم و ...هتد) دارِشت. بەمجۆرە تاکە شتێک بۆ چوونە نێو ڕیزی پۆست-کۆڵۆنیاڵەکان مایەوە، بریتی بوو لە ڕەیس (نەژاد)، کە وەک بنەڕەتێك بۆ شیکردنەوەی مێژوو قبوڵیان کرد. بەمجۆرەش مارکسیزم بوو بە "نیو-گۆبینیزم"[26] و بەرنامەکەش بوو بە تۆڵەکردنەوە لە "کۆمەڵگای سپی"، "پیاوی سپی" کە سوودمەندن لە سیستمی "هێترۆ باوکسالار".

**فیگارۆ:** ئایا لە بیرتانە کە چالاکوانی تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (توویتەر) ڕوقەیە دیالۆ، ئەکاونتی تەنزی "تیتانیا مەککراس"ی ڕیتویت کردووە کە لە یەک کاتدا تانە لە وەهمی **ووٚکیزم** و وتارەکانی پرۆگرێسیستەکان دەدات؟ ئایا سنووری نێوان پارۆدی و پلەی یەکەم لە ناوناچێت؟

**تاگییەف:** ئەمە گەمژەیی ئەم کەسانەیە کە دەتوانین پێیان بڵێین خۆش-خەیاڵ.[27] ئەمە نەزانییەکی ئاسایی و بێتاوان نییە، بەڵکوو نەزانییەکی خۆبەزلزان، سەفسەتەیی و هاوکات ئایدیالۆژییەکی سەخت و فرتوفێڵێکی کەمتازۆر زیرەکانەشە؛ گەمژەییەک کە لەناو نوخبەی میدیایی و زانکۆییدا دەرکەوتووە کە بوونەتە پسپۆڕی ڕادیکاڵیتە. ڕوقەیە دیالۆ و لیلیان تۆران کۆپییە میلیتانت و چالاکوانەکەیەتی، جودیت باتلێر و گایاتری چ. سپیفاک، کۆپییە تیۆرییەکەی، دەتوانین بڵێین کۆپییە **کۆمیدییەکەی**.

وەک ڕیمۆن ئارۆن پێمان دەڵێت ئێمە ڕۆڵی گەمژەییمان لە مێژوودا لە بیر کردووە، بەڵام ترسناکترین گەمژەیی، گەمژەیی ئێلیتی ڕووناکبیرە کە مۆدی ئایدیالۆژی و ڕێتۆریکیان گرتووەتەبەر: ئاسوودەخواز و کانفۆرمیست، لە خەیاڵی ڕادیکاڵیتە و هاوسۆز بۆ توندوتیژی "چەوساوەکانی سەرزەوی"ی فرانز فانۆن و بڕیاری "هەمیشە لەسەر حەقبوون." هیچ شتێک بێزراوتر لە ویژدانی هێمنی کەسانێک نییە کە وەک ئەلبێر کامۆ دەڵێت «کورسی یان مایکرۆفۆنەکانیان لە مەیدانێکدا چەقاندووە کە پێیان وایە مانای مێژوو ئەوەیە.»

---

سەرچاوە:

**Taguieff: «Le décolonialisme est la maladie sénile de la gauche intellectuelle contemporaine».**

**https://www.lefigaro.fr/vox/politique/taguieff-le-decolonialisme-est-la-maladie-senile-de-la-gauche-intellectuelle-contemporaine-20201110**

# :پەراوێزەکان

1 L’imposture décoloniale».

2 Vision identitaire.

3 Idéologico-politique.

4 Contre-histoire.

5 l’Europe «provincialiser» ئاماژە بە یەکێك لە کتێبەکانی دێپش چاکرابراتی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەورووپا و بە پارێزگاکردنی لە ڕوانگەیەکی پۆست-کۆڵۆنیاڵەوە.

6 Anti-Blanc.

7 «Religion de l’Autre».

8 Gauchisme identitaire.

9 Racisme d’État.

10 «Touche pas à mon voile».

11 Hespérophobe.

12 Gallophobe.

13 «Politique de l’identité».

14 Des bien-pensants.

15 Islamo-gauchistes.

16 «Racisme institutionnel».

17 Black Power «La politique de libération en Amérique».

18 le «sociologisme».

19 Pseudo-antiracistes.

20 Déconstructionnisme.

21 «Construction sociale».

22 l’essentialisme.

23 پرسیارکەر دێڕێکی ناو نووسراوەکانی تاگییەف دەکاتەوە بە پرسیار.

24 «Marxisme racialisé».

25 l’«intersectionnalité».

26 comte de Gobineau پێی وابوو کە ئارياييەکان نەژادێکی سەرترن.

27 Des bien-pensants.